کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 21:04 26-10-2007

**کورد و عێراق و تورکیا و مانگی دە ... سامان کەریم**

ناوونیشانەکە کەمێك سەیرە، سەیرتریش لەوە، ئەو ڕێککەوتەیە کە لەناو ئەم مانگەدا کورد و تورکیا و عێراق ئەگەیەنێتە یەك!!. هەشتا و حەوت ساڵ لەمەوبەر لە هەفتەی کۆتایی ئەم مانگەدا دەوڵەتی عێراق وەك داردەستەی ئینگلیز دامەزرا و لە دوو ڕۆژی کۆتایی مانگەکەشدا بەلاَم هەشتا و چوار ساڵی لەمەوپێش تورکیاشیان کرد بە دەوڵەت و عەرەب و تورکیان حەساندەوە و کوردیشیان چەوساندەوە..

لە 1918دا کە یەکەم شەڕی جیهانی برایەوە و پیاوە نەخۆشەکە (ئیمپراتۆریای عوسمانی) مرد، ئیدی دەوڵەتە براوەکانی شەڕ، بەتایبەتیش (ئینگلیز و فەرەنسا) کەوتنە هەڵکۆڵینی کەلاکی ئەو ئیمپراتۆریایە و لەسەر داروپەردووەکەی دوای بێنەوبەردەیەکی باش، هەریەکەو پشکێکی بۆ خۆی مسۆگەر کرد.. عەرەبیان کردە خاوەنی عێراق و سوریا، تورك کرایە خاوەنی تورکیا، فارسیش ئێرانی پێدرا و ئێمەی کوردیش دەستمان لەبنی هەمانەکەوە دەرچووا!.

دەوڵەتە زەبەلاحەکانی براوەی شەڕ پێویستیان بە کورد نەبوو، بەلاَم نەشیانئەویست خۆیان لەناز و نیعمەتی خاك و خۆڵەکەی کوردستان بی بەریی بکەن، بۆیە پارچەیەکیان نووساند بەو عێراقە عەرەبییەوە و بەشێکیشیان خستە سەر تورکیای تۆرانی و چمکێکیان خستە پاڵ سوریای عەلەوی و بەشەکەی تریشیان لکاند بە ئێرانی فارسیەوە..

تورکیا و عێراق لەبەر ئەوەی لەناو یەك مانگدا لەدایك بوون، بۆیە هەمیشە پرتەبۆڵەیان لەناو یەکدا نەبڕاوەتەوە و ئێستاوئەوساش هەر کە ئەگاتە مانگی تشرینی یەکەم، تورکیا چاوی سوور هەڵئەگەڕێتەوە و شینی بۆ هەریسەکە (واتا کوردستانی ئێستا و ویلایەتی موسڵی جاران) دەست پی ئەکات، لەبەرامبەریشدا عێراق هەزار سوێندی بۆ دووپات ئەکاتەوە کە خوا یەکە و نابێت بە دوو جەندرمەی تورکی بۆی نییە بۆنی نەوتەکەی ئەم وڵاتە خێرلەخۆنەدیوە بکات!! هەرچی کوردیشە، دەستی هینێکی پی نابەسترێتەوە و کۆمیدیانەش خۆی دائەتەکێنێت، بەلاَم بەچاوێکیش ئیشارەت بۆ (ئەولا) ئەکات کە دەستی بگرن نەبادا شتێك بشکێنێت!..

لەناو ئەم مانگی تشرینی یەکەمەشدا ئەوەتا جارێکی تر تورکەکان ئەیانەوی مێژوو دووبارە بکەنەوە (مێژوویش دووبارە نابێتەوە) و ویلایەتی موسڵ بخەنەوە سەر خۆیان! بێگومان ئەوان ئێستاش خەون بە ئیمپراتۆریا زەبەلاحەکەی پێش شەڕەوە ئەبینن و بیریان چۆتەوە ئەوان نەوەد و سی ساڵ لەمەوبەر نەخۆش کەوتن و هەشتاونۆ ساڵ و قسوریشە وەفاتیان کردوە، کەچی بۆنی نەوتەکە وا کاسی کردوون، کە مەگەر پارە کوردی وا کاس کردبێت!!..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.